# گاندی
# پەیامبەری ئاشتی

بەشی دووەم


دانانی سیناریۆ: ب. مارشۆن
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: وەلید سەلیبی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێروان خدر
پێداچوونەوە: کەریم کاکە

ناونیشانی کتێب: گاندی پەیامبەری ئاشتی
سیناریۆ: ب. مارشۆن
وێنەکان: لیۆ
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: وەلید سەلیبی
بۆ کوردی: شێروان خدر
پێداچوونەوە: کەریم کاکە

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە لەلایەن سەنتەری مەسەللە

پێشەکی:

ئەم کتێبە کە لە شێوەدا سیناریۆی گێڕانەوەی ژیانی (مەهاتما گاندی) کە رابەری بزووتنەوەی ناتوندوتیژی بوو لە هیندستان، بەبۆنەی یادی ئەم پیاوە مەزنەوە سەنتەری مەسەللە هەڵسا بە وەرگرتنی ئیمتیازی ئەم کتێبە لە (حرکە حقوق الناس)ی لوبنانی بۆ ئەوەی لەم پێناوەدا فەرهەنگی ناتوندوتیژی ببێ بە بەشێک لە کەلتووری مرۆڤی کوردیو ببێ بە بڕوایەک مرۆڤی کوردی لە جیاتی پەنابردنە بەر یەکلاکردنەوەی هێز لە رێگایەکی نەرم و نیانی مرۆڤدۆستانەو برایانەو دان بەیەکتر دابنرێ سەرباری بوونی جیاوازییەکان.
بەباشمان زانی وەک رێکخراوی مەسەللە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان ئەم سیناریۆیە پێشکەش بە مرۆڤی کورد بکەین، رێزلێنانێکیشە لە مەزنی بیروڕاکانی گاندی، هیوادارین لەم رێگایەوە کورتەی ژیان و بیروڕاکانیمان بە خوێنەرانی کوردی ئاشنا بکەین.

سەنتەری مەسەللە
بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان – هەولێر


لەشەودا...
پلانەکەم ئەوەیە: بروسکەی ناڕەزایەتی بۆ پیاوانی سیاسی دەنێرین، بۆ رۆژنامەکان دەنووسین، هەروەها یاداشتێك دژ بەم یاسایەو، رێکخراوێکی بەردەوامیش دادەمەزرێنین...
پاش کەمێک...
ئەم گاندییە کێیە، تا دەرسمان لەسەر رەوشت بداتێ؟
گەورەم، ((کولی))یەکی بودەڵەیە پیشەی پارێزەری دەکا.
هەواڵە کانی هیندستان
بانگەوازێک لە گاندییەوە بۆ ئینگلیزەکانی باشووری ئەفریکا
تائێستا زیاتر لە هەزار واژوومان کۆکردۆتەوە.
بۆ ئەوە کۆمکردوونەتەوە چونکە بارەکە رووی لە خراپییە.
چەندین ساڵ لەمەوبەر ئینگلیزەکان پێشنیاری ئەوەیان دەکرد کە هیندییەکان کار بکەن لە باشووری ئەفریکا لەپێناو گەشەکردنی وڵات. بەڵام ئێستا ئەوان دەترسێن لە زیادبوون و دەوڵەمەندبوونمان.
کۆنگرەی هیند
بۆیە دەیانەوێ بڕیاری باج بگەیەننە 25 لیرە لە ساڵێکدا لەسەر تاکێکی هیندی، بەواتای ئەوەی بەرابەر دەبێتەوە بە کرێی شەش مانگی کارکردن. ئامانجی ئەم باجدانەش ناچارکردنمانە بۆ گەڕانەوە بۆ هیندستان.
کۆنگرەی هیند
هەرگیز!
کارەساتێکی گەورەیە!
پێویستە بەردەوام بین لە بەرگری کردن لە خۆمان.
جەنگەکەمان درێژخایەنە. چەند مانگێك جێتاندێڵم دەگەڕێمەوە هیندستان لەپێناو باسکردنی ئەو بارەمان، هەروەها لەگەڵ خێزانەکەم دەگەڕێمەوە لاتان.
کۆنگرەی هیند
٩


بەمجۆرە لە 18ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1896 ، لە بەرامبەر بەندەری دۆربان ...
رۆڵەکانم لە کۆتاییدا گەیشتینە باشووری ئەفریکا.
سەیرکەن:
دکتۆری بەندەرەکە بەرەو رووی ئێمە دێ بۆ ئەوەی بزانێ لە ناو پاپۆڕەکە کەس هەیە پەتای هەبێ.
کاپتن، دەتوانین دابەزین؟
نەخێر ئێمە لە حاڵەتی دەستبەسەرییەکی بەزۆرین، نەک بەهۆی نەخۆشییەوە بەڵکو بەهۆی تۆوە.
بەڵام بۆچی؟
زۆرێك لە ئینگلیزەکان لە ناو شار خۆپیشاندان دەکەن، داوای گەڕاندنەوەی تۆ بۆ هیندستان دەکەن. هەروەها داوای گەڕانەوەی هیندییەکانی ناو پاپۆڕەکەش دەکەن.
ئەمە کارێکی نابەجێیە! هەموومان مافی نیشتەجێبوونمان هەیە. لە ناو پاپۆڕەکە تا کاتی پێویست دەمێنینەوە.
ماوەی 23 رۆژ پاپۆڕەکە لە بەرامبەر بەندەرەکە مایەوە
گرەوەکەتان بردەوە! مۆڵەتمان وەرگرت دابەزین بەڵام لە کاتی جێهێشتنی پاپۆڕەکە وریای خۆتان بن!
بەباشی دەزانم جیابینەوە. دواتر پێتان دەگەمەوە!
١٠







بۆ چەند ساڵێک دووبارە گاندی دەگەڕێتەوە بۆ پیشەی پارێزەری و، خەباتی لە ناو ریزەکانی پارتی کۆنگرەی هیند درێژە پێدەدا، لەو ماوەیەشدا دوو کوڕی دیکەی لەدایک دەبێ: رامداس (1897) دیفاس (1900).




(1) ئەشرامەکان: گرووپێکی ئایینین لە هیندستان. (2) نابێ لەنێوان هیندی و هیندۆسی تێکەڵاوی دروست بکەین، هیندۆسییەکان ئەوانەن کە پابەندن بە ئایینی هیندۆسی. (3) نەویستەکان ئەوانەن کە دەست لێدانیشیان گوناهە، نەوەی هەندێ خانەوادەی هیندۆسیەکانن و، ناشیرنترین و نزمترین کاریان پێ دەسپێردرێ.


لە 11ی ئەیلوولی 1906...
ەی هیند
جارێکی دیکە ئینگلیزەکان دەیسەلمێنن کە رقیان لێمانە!
دەیانەوێ هیندییەکانی نیشتەجێی باشووری ئەفریکا بەزۆر (ناسنامە)یان بۆبکەن، کەچی هاوڵاتی ئینگلیزی پێویستی پێ نییە. هەر هیندییەك ئەگەر هەڵگری ئەو ناسنامەیە نەبێت یان دەگیرێت، یانیش ئەوەتا دەیگەڕێننەوە بۆ هیندستان!
هەر پۆلیسێك دەستگیرم بکات دەیکوژم!
ئەگەر ئەوان جەنگیان دەوێت، ئێمەش ئامادەین!
ئێمە دەمانەوێ وەك هاوڵاتییەکی ئینگلیزی مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێ! با سوێند بخۆین بەرامبەر بە خوا ئەوەی لەتوانامانددا بێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم یاسایە ڕەگەزپەرستییە نوێیە کاربکەین. بەڵام بەدەر لە بەکارهێنانی توندوتیژی چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژەکان چارەسەر نەبووە.
من سوێند دەخۆم بەرامبەر بە خوا!
منیش!
هەروەها منیش!
سوێند دەخۆین بەرامبەر بە خوا!
بەمجۆرە دوای دوو ساڵ...
تۆ سەرپێچی یاسا دەکەیت، لەبەرئەوەی یاسای وەرگرتنی (ناسنامە) ڕەتدەکەیتەوە. هەروەها خەڵك هاندەدەی بۆ خۆپیشاندان! دادگا بۆ ماوەی دوو مانگ بڕیاری زیندانی کردنت بەسەر دادەسەپێنێ!
نابێ لە ڕێگای ڕق و توندوتیژییەوە بەسەر دوژمنانماندا سەربکەوین، بەڵکو لەسەرمان پێویستە بەهێزی ڕاستەقینەو خۆشەویستی ڕازییان بکەین.
زیندان چەکێکی بەهێزی بەرەنگاربوونەوەی ناتوندوتیژییە! زیندانەکانی ئینگلیز پڕ دەکەین
١٣



بزووتنەوەی یاخیبووەکان ساڵ لە دوای ساڵ بەرفراوانتر دەبوو, بەڵام
پاشان....
ئێمە (ناسنامە)مان نییە.
هەموومان بگرن!
بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانتان زیندان پڕبووە.
بەڕێز گاندی، فەرمانی دەستگیرکردنتم هەیە!
ئەمە تەنها جاری سێیەمی دەستگیرکردنمە!
نووسینگەی سمۆتس، وەزیری کاروباری هیندستان..
بە هەر هۆکارێکی پێویست لە توانامان بێت، دەبێ یاخیبوونی هیندییەکان لەناوببەین!
لە تەمموزی ساڵی 1914...
هەموو ئەو یاسایانەی کە لە پێناوی تێکۆشاویت هەڵیدەوەشێنمەوە، لەبەرامبەر ئەوەدا داوا دەکەم تۆش تێکۆشانی خۆت بوەستێنە.
بەڕێز ژەنەڕاڵ، من بەڵێنت پێدەدەم، لەبەرئەوەی دادپەروەری بەدیهات.
وا بە چاکی دەزانم گاندی بەڕەڵلا بکرێت و داواکارییەکانی جێبەجێ بکرێت
باوابێ، ئەو پیاوە نەفرەت لێکراوە، سەرکەوت
ژەنەڕاڵ سمۆتس، زۆرینەی بەرپرسە سیاسییەکان لە هیندو ئینگلتەرا ڕەتبینن لە شێوەی مامەڵەکردنت لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەی کە گاندی سەرکردایەتی دەکات.
مێردمنداڵ کوژراوە، هەروەها ژن و منداڵ لە کاتی خۆپیشاندانەکان بریندارابوونەو، بازرگانەکانیش باشووری ئەفریکایان جێهێشتووە، لە حاڵەتێکی بێنەوایی تەواودان...
١٤


دوای ئەم سەرکەوتنە گاندی
لە 18ی تەمووزی 1914
گەڕایەوە بۆ هیندستان...
لە هیندستان گاندی بۆ ماوەیەک
لە ماڵی شاعیری بەناوبانگ
رابندرانات تاگور دەبێ.
تۆ مەهاتمای
راستەقینەی:
((رۆحی مەزن))!
دوای ئەوە خەڵک بانگیان
دەکرد بە (مەهاتما).
مەهاتما هەڵسا بە
دروستکردنی (ئەشرام)ێکی
نوێ لە سابار ماتی.
دەبێ ژیانمان پێکهاتبێ لە
هەژاری و ناتوندوتیژی.
کاتەکانمان دابەشدەکەین بەسەر
کارکردن و نوێژکردن...
کاستۆربای بۆ ماوەی ساڵێك لێت
دوور دەکەومەوە: نیازی ئەوەم هەیە
گەشتێك بە سەرانسەری وڵاتدا بکەم.
دوای بیست ساڵ دابڕانم لێی
دەمەوێ بەشێوەیەکی باشتر شارەزایی
پەیدا بکەم..
بەمجۆرە...
چەند هەزار ئینگلیزێك لەسەر حیسابی سەدان
ملیۆن هیندی خۆیان دەوڵەمەند دەکەن.
شتومەکە هیندییەکان بە نرخێکی هەرزان
دەکڕن لە ئینگلتەراش بە گران
دەیفرۆشنەوە...
١٥




(1) ماهاراجا؛ بەواتای ئەمیری هیندی دێ، هاوکاتیش دەوڵەمەندێکی رادەلەبەرە.

ماویەتی...